# وێنەگرتنی دیجیتاڵی بە شێوازی مانیوەڵ

فارس سەعدی

ئامێر و ئامرازەکانی وێنەگرتن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێشکەوتنێکی زۆر خێرادان، کامیرای فۆتۆگرافیش ئەم پێشکەوتنەی بە جۆرێک بە خۆیەوە دیوە، کە فۆتۆگرافەرەکان کامیرایەک دەکڕن و چەند مانگێکی پێ ناچێت، دەبینن ڤێرژنێکی تازەتر وا کەوتۆتە بازاڕەوە، ئینجا یان پێکسڵەکانی زیاد کراوە، یان سیستمی ئۆتۆفۆکەسەکەی زۆر خێراتر کراوە، یان ژمارەی فرێم پێر سەکەند، واتە چرکاندنی چەند گرتەیەک لە چرکەیەکدا خێراتری کردبێت، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە بابەتی بزۆک و جووڵە و باڵندە و ئاژەڵی کێوی و وەرزشی دەگرن، یان سیستمی ڤیدیۆگرافییەکەی ریزۆلیوشنەکەی بەرز کرابێتەوە لە فوول (HD)یەوە بۆ (4K) و بەرزتر و...تاد بە هەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە زۆربەی گەنجانمان خاوەنی کامیرای دیجیتاڵی تاک لینزی ڕفلێکسن (DSLR) بە زۆری جۆری (APS-C)، واتە جۆری کرۆپ، یان ڕوونتر بڵێین کامیراکانیان فوول فرێم نین، هەرچەندە هەندێکیشیان کامیرای فوول فرێمان هەیە.

سەرەتایی دەستپێکردنی هەر ئارەزوومەندێک بە پرۆگرامی فوول ئۆتۆماتیکی کامیراکەی دەست پێ دەکات و وێنەی مام ناوەندی دەست دەکەوێ، لە ڕووی کەم و زۆری ڕووناکییەوە هیچ خەوشیان نییە و زۆر جوانن، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە هەندێ لاوازن و ناگەنە ئاستی پرۆفیشناڵی، چونکە وێنەگرە پرۆفیشناڵەکان دەڵێن: دەبێ وێنەگر ئەسیری کامیرا و پرۆگرامی ناو کامیراکە نەبێ، بەڵکو بە گوێرەی خواستی خۆی کامیراکە بە گەڕ بخات، ئەمەش بەوە دەبێت واز لە پرۆگرامە ئۆتۆماتیکییەکان و فوول ئۆتۆماتیکییەکان




بهێنین و بە مانیوەڵ کامیرا بەکاربێنین.

ئەوەی کامیرا بە مانیوەڵ بەکاربێنێ، خۆی لە ریزی وێنەگرە پرۆفیشناڵەکان دادەنێت و دەڵێ من بەسەر کامیرادا زاڵم، نەک کامیرا بەسەر مندا زاڵە.

هەر ئارەزوومەندێک کە دەست دەداتە کامیرا، شتێکی زۆر ئاساییە لەسەرەتادا بە پرۆگرامی ئۆتۆماتیکی، یان فوول ئۆتۆماتیکی وێنەکانی بگرێت، بەڵام تا دەستی لەسەر گرتنی کامیرا و بەکارهێنانی ڕادێت و دەیکاتە هاوڕێیەکی خۆی و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا دەکات، ئینجا دەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە توانایی ئەو کامیرایە چییە؟ بەشەکانی چین؟ لەناو مێنیوی کامیراکە چی هەیە؟ هەر شتە چۆن بەکار دێن و کاردانەوەی چی دەبێت؟ ئەمانە هەمووی بە تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و بەردەوام، لەسەر شاشەی کامیراکە و بە ڕاستەوخۆیی و لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر، یان TV ماڵەوە بە ناڕاستەوخۆ دوای تۆمارکردنی وێنەکان بە چەندان شێواز لەسەر میمۆری کامیراکە بەدی دەکرێن.

دوا بەدوای ئەمانە نیمچە شارەزاییەک پەیدا دەکەی، خۆ ئەگەر بەشداری خولێکی فۆتۆگرافی بکەی، یان لە (You Tube) تەماشای هەندێ بابەتی فێرکاری چۆنیەتی بەکارهێنانی جۆری کامیرای خۆت بکەی، تەنانەت ئەگەر بە زمانی ئینگلیزیش بێت، چونکە بە وێنە و کردارە، ئەوە شتێکی هەر لێ فێر دەبیت، هەروەها ڕاوێژ بەو فۆتۆگرافەرانە بکە کە ئەزموونیان لە تۆ زیاترە، لە وانەوە شت فێر دەبیت، بەهۆی پرسیار کردن و گرفتەکانی خۆت کە بۆیان باس دەکەی و شتیان لێوە فێر دەبی، هەروەها لەو گەشتە بە کۆمەڵانەی کە بۆ سروشت و بۆ هەندێ شوێن دەکرێن لە ڕێگای گرووپ و ڕێکخراو و کۆمەڵە و دەزگا هونەرییەکانی تایبەت بە فۆتۆ.

دێینە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی شێوازی مانیوەڵ لە کامیرای دیجیتاڵیدا، کامە مۆدی کامیرا بەکار دێت بۆ ئەم مەبەستە و چۆنیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟

ڕاستییەکەی سێ مۆد هەن کە بە مانیوەڵ وێنەیان پێ دەگیرێت و لە هەموو کامیرا ڕفلێکسەکاندا هەن، کە مۆدەکانیش ئەمانەن:

**١- مۆدی مانیوەڵ (M) Manual:** ئەم مۆدە بواری فۆتۆگرافەر دەدات تەواوی سێتینگەکانی ئێکسپۆژەر کە (شەتەر، کونی لێز، ئایزۆ) کە بە سێگۆشەی ئێکسپۆژەر دەناسرێت، لە دەست فۆتۆگرافەر دەبێت و یاری، یان گۆڕانکاری بەهەر سێ سێتینگەکان دەکات بە گوێرەی ئەو دیمەن و گرتەیەی کە چۆن دەخوازێت دایان بنێتەوە.

**٢- مۆدی (AV) لە کامیرای کانون، یان A لە کامیرای نیکۆن:** واتە ئاپەرچەر پرایۆرەتی، لەم مۆدی کامیرایەدا، یان لەم پرۆگرامەی کامیرایە، کونەکانی لێنز بە مانیوەڵی لەلایەن فۆتۆگرافەرەوە دەستنیشان دەکرێن، واتە کونی لێنزەکان (f.No)ەکان دەبنە مانیوەڵ و خێراییەکانی شەتەریش دەبنە ئۆتۆماتیک، بە مەرجێک ئایزۆ چەسپ کرابێت، کەواتە ئەم پرۆگرامە نیمچە مانیوەڵە، یان نیمچە ئۆتۆماتیکە، ئەگەر ئیشت، یان کارت بە کونەکانی لێنزی کامیرا بێت و خێراییەکانی شەتەر هیچ گرنگییەکی بۆ گرتەکانت نەبێت، لەم حاڵەتەدا ئەوە مانیوەڵە، وەک ئەوەی تۆ ئیشت بەقووڵی مەیدان (D.O.F) بێت، وەک دیمەنی سروشتی کە قووڵی مەیدان زۆرت پێ دەوێت و خێرایی شەتەر گرنگییەکی ئەوتۆی نابێ، لێرە تۆ بچووکترین کونی لێنز وەک (f-16) و (f-22) هەڵدەبژێری، یان بۆ پۆرتریت کەمترین قووڵیی مەیدانت دەوێ، لەم حاڵەتەدا گەورەترین کونی لێنزت پێویستە وەک (f-1.4) و (f-2)، یان (f-2.8).

**٣- مۆدی (TV) لە کامیرای کانون، یان S لە کامیرای نیکۆن:** واتە شەتەر پرایۆرەتی لەم مۆدەدا، یان لەم پرۆگرامەی کامیرایەدا فۆتۆگرافەر بە ئارەزووی خۆی خێراییەکانی شەتەر دەستنیشان دەکات و دیاری دەکات و کامیراکەت کونی لێنزی گونجاو بە ئۆتۆماتیکی بۆ ئەو خێراییە دیاری دەکات، بەڵام دەبێ ئایزۆ دیاری کرابێت و چەسپاو بێت.

ئەم مۆدە بۆ ئەو فۆتۆگرافەرانە باشە کە لە حاڵەتێکەوە




بەکتوپڕی دەچنە سەر حاڵەتێکی جیاوازتر و تینی ڕووناکیشی بە کتوپڕی دەگۆڕێ، بۆیە ئەم مۆدە بۆ فۆتۆ جۆرنالیستەکان زۆر گونجاوە، یان ئەوانەی وێنەی شەقام و تراڤل دەگرن، لێرەدا بابەتەکان لە جووڵەدان، بۆیە قووڵیی مەیدان هێندە گرینگ نییە بە قەد فریزکردنی جووڵەکان، چونکە ئەگەر خێراییەکی کەمت بەکارهێنا، یان قووڵیی مەیدانیش زۆر بێت، بەڵام بابەتەکەت بزۆک بوو، ئەوە وێنەکە لێڵ دەردەچێت و بێ کەڵک دەبێت، وەک نیشتنەوەی باڵندەکان، یان کۆتری نێو پارکەکان، یان جووڵەی خەڵکی ناو بازاڕ و شەقام و ئۆتۆمبێل و هاتوچۆ، لەم حاڵەتانەدا پێویستە گرینگی بە زۆرترین خێرایی شەتەر بدرێت، وەک خێرایی (1/250)ی چرکە و بەرزتر (1/500، 1/1000) چرکە، یان هەندێ جار بە پێچەوانەوە کە کەمترین خێرایی شەتەر بۆ دیمەنی شەوانەی شار و تاڤگەی ئاو و قەڵبەزەی ئاو وەک خێرایی (30) چرکە، یان زیاتر بەکاردێت، لەم حاڵەتەدا دەبێ کامیراکە لەسەر ستاند چەسپ کرابێ و بە ڕیمۆت شەتەر بتەقێنرێتەوە، یان بەسێلف تایمەری (٢) چرکەیی.

لە مۆدی (ئاپارچەر پرایۆرەتی) و (شەتەر پرایۆرەتی)دا لەبەر ئەوەی نیوەی مانیوەڵە و نیوەکەی تری ئۆتۆماتیکە، بۆیە هەندێ جار لایت میتەری کامیراکە ئەو ڕووناکییەی کە دەخوێنێتەوە و بەو بڕە ڕووناکییە، یان ئێکسپۆژەری وێنەکە ئەنجام دەدرێت، لە هەندێ حاڵەتدا بەدڵی فۆتۆگرافەر نابێ، یان ڕاستتر هەڵە دەکات، چۆن؟ بۆ نموونە: بابەتەکەت لەبەر سێبەر بێت و باکگراوندی زۆر ڕووناک بێت، لەم حاڵەتەدا وێنەکە تاریک دەردەچێت، بۆیە چارەسەرێک هەیە بۆ ئەم دیاردەیە و پێچەوانەی ئەمەش، واتە ئەگەر بابەتەکە لەبەر ڕووناکی بوو، بەڵام باکگراوندی تاریک، یان سێبەر بوو، وێنە گیراوەکە زۆر کاڵ دەردەچێت.

دەبێ چارەسەری ئەم دوو حاڵەتە بکەی دوگمەیەک (-/+) لەسەر کامیرا هەیە و لەسەر شاشەی کامیراش سکێڵێک هەیە، پلە پلە کراوە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بەلای ڕاست و چەپ تا سێ پلە و لە هەندێ کامیرای تر تا (٥) پلە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، ئەم دوگمەیە دادەگیرێ و بەکرەیەک هەیە بەلای ڕاست و چەپدا دەیسووڕێنی، ژمارەکان لەسەر سکێڵەکە هێما دەکرێن، یان بە پۆزەتیڤ، یان بە نێگەتیڤ، گریمان (2) دەرچوو، ئەوە کامیرا دوو ستۆپ ئێکسپۆژەر زیاد دەکات، واتە ڕووناکی زیاتر دەهێڵێ بچێتە ناوەوەی کامیرا، چۆن؟ بۆ نموونە: ئەگەر بە (مۆدی AV، یان A) وێنەمان گرت، بە کونی لینزی (f-4) و ئایزیۆی (100) کامیراش بۆی دیاری کردین کە شەتەر خێراییەکەی دەبێ (1/125) چرکە بێت، دەرکەوت ئەم گرتەیە تاریکە، دەبێت ئەو کردارە جێبەجێ بکەین کە باسمان کرد، تا سکێڵەکە دەبێتە (1)، ئەم جارە ئەگەر تەماشای ڤیوەری کامیراکە بکەین کە نیوەی دوگمەی شەتەرمان داگرت، بە هەمان کونی لینز و ئایزۆ، دەبینین خێرایی شەتەر لەم حاڵەتەدا بۆتە (1/60) چرکە و وێنەکەش بگرین، دەبینین لەوەی پێشووتر کاڵتر بووە، ئەم کردارە پێی دەگوترێ (کۆماپانسێشن)، واتە وات لە کامیراکە کردووە بە دڵی تۆ وێنەکە بگرێت، نەک بە گوێرەی خوێندنەوەی لایت میتەر و ئێکسپۆژەری خۆی، کەواتە ئەمەش بووە مانیوەڵی تەواو.

هەمان کاریش لەگەڵ مۆدی (TV وS)یش دەکرێ و دەتوانی ئێکسپۆژەری کامیرا زیاد و کەم بکەی بە گوێرەی ویستی خۆت کە وێنەکە لە شاشەی کامیراکە دەردەکەوێ تا بزانی ئاخۆ تۆخە، یان کاڵە، یان دەتەوێ چۆن دەرکەوێ، بە هەمان شێوازی مانیوەڵی تەواو کۆنترۆڵ دەکرێت.

لەم دوو مۆدە، هەروەها لە مۆدی (M) مانیوەڵیشدا کاتێک تۆ ئایزۆ دیاری دەکەی، زیاتر یاری بە کونەکانی لینز و خێراییەکانی شەتەر دەکەی بۆ هەر گرتەیەک هەندێک جاریش وادەبێ ئایزۆکەت کەم داناوەتەوە، بۆ نموونە (200) و خێرایی شەتەریشت زۆر بەرزکردووە و کردووتە (1/2000)ی چرکە و دەمەو ئێوارەیە، یان




ڕووناکی کزە، یان کەمە، کە دوگمەی شەتەر نیو داگرتن دادەگری، دەبینی لەمیانی ڤیو فایندەری کامیراکەوە ژمارەی کونی لینز (f-NO) وەک پەڵس لێدەدات، واتە وەک چۆن گڵۆپێک پێ بێ و بکوژێتەوە، ئاوا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو خێراییە زۆرەی کامیرا لەگەڵ گەورەترین کونی لینزی کامیراکە بەس نین بۆ ئەو گرتەیە، واتە ئەندەر ئێکسپۆز دەردەچێت، زۆربەی زوومی کامیراکانی گەنجانمان (f-5.6) زۆر بەهێز نین، زیاتر لەو لینزانە ئەمە ڕوودەدات، بۆیە تا پەڵسەکە نەمێنێ، دەبێ وردە وردە خێرایی شەتەر کەم بکەیتەوە، یان ئەوەتا ئایزۆی کامیراکە بەرز بکەیتەوە بۆ (400 یان 800 یان 1600) تا پەڵسەکە نامێنێ، کە نەما، ئەوسا دڵنیابە لەوەی وێنەکە جوان دەردەچێت و بگرە.

حاڵەتێکی تر هەیە لە مۆدی (A یان AV) ڕاستە تۆ ئەگەر هاتو ئایزۆشت کەم دانایەوە وەک (100) بۆ نموونە و کونی لینزیشت کرد بە (f-8) لە شوێنێکی کەم ڕۆشندا وێنەکەت بەبێ پەڵس دەگری، بەڵام خێرایی شەتەر هێندە نزم دەبێتەوە کە دەبێتە مایەی دروست بوونی لەرزینی کامیرا، واتە ڕوودانی دیاردەی لەرزینی کامیرا (کامیرا شێک)، بۆیە ئامۆژگاریمان بۆ ئەو کەسانەی کە لە شوێنە کەم ڕۆشنەکان وێنە بەم مۆدە دەگرن، پێویستە، یان ئایزۆی کامیرایان بەرز بکەنەوە، یان لینزی زۆر بەهێز بەکاربێنن وەک لینزی (٥٠) ملیمی کە کونی لینزی گەورەی (f-1.4) یان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە زۆر گونجاوە، چونکە زۆر بەرزکردنەوەی ئایزۆش دیاردەی (نۆیز) ئەنجام دەدات، واتە وێنەکە باراناوی دەردەچوێنێ، وێنەیەکی زۆر نێتت ناداتێ یا شارپنێسی کەم دەبێت.

هەروەها وەک ڕێسایەک کەمترین خێرایی داخەر، یان شەتەر کە پێویستە بۆ کامیرا کە لەرزین لە دەستت ڕوونەدات، ئەوەیە کەمترین خێرایی شەتەر یەکسان بێت بە (١/ دووری تیشکۆی لینزی کامیرا) بۆ نموونە: ئەگەر لینزی کامیراکەت (250) ملم بوو پێویستە کەمترین خێرایی شەتەر (1/250)ی چرکە بەکار بێت بۆ وێنەگرتن بەبێ ستاند، ئەگەرنا دەبێ بۆ خێرایی کەمتر لەوە ستاند بەکاربێنی.

کاتێک کە مۆدی (M) مانیوەڵی تەواو بەکاردێنی، چۆنیەتی بەکارهێنانی کارێکی زۆر ئاسانە، یەکەم جار دەستنیشانی ئایزۆ دەکەی بۆ نموونە (200)، ئینجا بۆ هەر حاڵەتێک تۆ یاری بە دوو فاکتەرەکەی تر دەکەی کە (f-NO) کونەکانی لینزن و لەگەڵ خێراییەکانی شەتەر. گریمان تۆ وێنەی پۆرترێتێک دەگری، لەم حاڵەتەدا کونی لینزی گەورە بەکاردێنی وەک (f-2.8) بۆ نموونە، ئایزۆش (200)ە شەتەرت کردۆتە 1/500 کامیراکەت ڕووەو بابەتەکەت دەکەی، دوگمەی شەتەر نیو داگرتن دادەگری، لە میانی ڤیوەری کامیراوە چەندان داتای تێدا دیارەو دەردەکەون، هەروەها سکێلێکیش کە بەلای ڕاست و چەپدا ژمارەی بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ هەیە، ئینجا تا (٣)، یان (o) ژمارە کە دوگمەکەت نیو داگرتن داگرت ئەگەر هێماکەرەکە لەسەر ناوەڕاست، یان لەسەر ژمارە (o) وەستا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئێکسپۆژەرەکەت دروستە، ئەگەر (-) ژمارەی نێگەتیڤی نیشان دا ئەوە مانای ئەوەیە وێنەکەت ئەندەرە، دەبێ یان کونی لینز گەورەتر بکەی، یان خێرایی شەتەر نزم بکەیتەوە. خۆ ئەگەر هێماکە چووە سەر (+) پۆزەتیڤ ئەوە نیشانەی ئەوەیە وێنەکەت دەبێتە ئۆڤەر، دەبێ یان خێرایی شەتەر بەرز بکەیتەوە، یان کونی لینز بچووک بکەیتەوە، یانیش ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا ئایزۆت زۆر بەرز بوو، ئەوە لە جیاتی ئەو دووە دەتوانی ئایزۆ کەم بکەیتەوە، یانیش هەرسێکیان کەم بکەیتەوە، بۆیە بەم کردارە دەگوترێ سێ گۆشەی ئێکسپۆژەر، کەواتە مەودایەکی زۆر فراوان زیاتر لەوانی تر لەبەردەم فۆتۆگرافەری پرۆفیشناڵدا هەیە. لەم حاڵەتەشدا پاتری کامیرا درەنگتر چارجی دادەبەزێ و دەتوانرێ وێنەی زیاتری پێ بگیرێ.